# کەرنەڤاڵ

لە کەرنەڤاڵی عەشقی کام خوا دابەزیت

بەرەو کام جەهەننەم ئاوزەنگیتدا

لە تاریکستانی تەمەنی کام فریشتەدا

دڵت کرد بە قوربانی نیگایەکی ئەهریمەنی

❖

چەند گوناهبار بووم بە شەرمی لێومەوە

لە کاتی پشکووتنی، نەورەسی ماچێکی ئەفسووناویدا

❖

کەسێك

کەسێك لە لاپەڕە تەماوییەکانی ئێوارەیەکی قاچاخدا چریکاندی

*«مرا ببوس*

*مرا ببوس*

*برای آخرین بار»*

ئەمە کۆتایی دەسپێکێك بوو

تەقە دەروازەی لە هەمووماڵەکانی شار کردبوو

ئەمە چاوە خوێن تێزاوەکانی ئێوارەیەکی کپ بوو

گریابوو بە سەر حوزنێکی چاو هەنگوینییەوە

ئەمە دەستە لەرزۆکەکانی بایەکی گەڕیدە بوو

تەلبەندەکان و هەناسەکان

نەیاندەتوانی بەڵگەی هات و چۆی بە تاڵ کەنەوە

❖

**کەسێك**

**کەسێك لەو دیوی تێرۆرستانی هەستەکانەوە چریکاندی**

*«شانەهایت را برای گریە کردن دوست دارم»*

**ئەمە سەرەتای ئەو وەرزە بێ باوەڕە بوو**

**وتیان پێنجە**

**من نەمناسی و غەوارە بوو**

**غەوارەتر لە چارە نووس**

**لە کاتی خوێندنەوەی فنجانێك داو**

**من باوەڕم پێ هێنا**

**ئەمە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەك بوو**

**لەو رۆمانەی نەنووسرا بوو**

**من خوێندمەوە**

**ئەمە تۆخ بوونەوەی**

**رەنگی ئەو وشانە بوو**

**کەشف نەکرا بوون**

**لە دیوانی هیچ شاعیرێکدا سەمایان نەکردبوو**

**من سەمام پێ کردن**

**ئەمە چاوەڕوانی شانی من بوو**

**لە رێی سەفەرێکدا**

**جانتاکەی پڕ بکات**

**لە بۆنی سەرێکی شەیدا و**

لە بۆنی متمانە و

لەو بۆنەی شەکەتی شانم بگرێتە خۆی

❖

کەسێك

کەسێك لەو دیوی تاریکستانی رۆژەکانەوە چریکاندی

من بەهارم ... خەزان زەفەرم پێ ناباتن

من مۆمێکی چاوگەشم ... بازەفەرم پێ ناباتن

❖

کەسێك

کەسێك لەو دیوی مانەوەوە چریکاندی

و ....ه ... ر ....ه

پێیەکانم رۆیشتن

ئەمە سەرەتای سەفەرم بوو

دەستەکانم فڕین

ئەمە سەرەتای باڵەوازەییم بوو

ئەوەی ناوی من بوو

شوێن چریکە کەوت

من مامەوە و

رەنگە ئەرخەوانییەکەی

گۆرانی رامووسە من و

هات و چۆی گوماناوی با و

هەنسکی گریانی بێکەسی شانم و

هەزار و یەك شەوی وڵاتەكەی
شۆڕە سوارەكەی بابان.
غەریب بوون لە هەناسەكانی
شەهرەزادەكەی ئەردەڵان و
تاریكستانی تەمەنی فریشتەیەك
لە جەغزی ئەوینێكی سەرەڕۆدا.

۱۳۸۲/۷/۱۰

ناهید حسەینی